# ڕەجەب ئەردۆغان ی ئیسلامی و ئەلتەرناتیفی نادیموکراسی

Faraidun_73@hotmail.com
04.12.2007
**فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا**

ئەم ووتارەلەوەوەدەستپێدەکات کەمیدیاکانی کوردستان باس لەوەدکەن کەسیاسەتی تورکیالەسەردەستی پارتی دادو گەشەپێدان وخوودی کەسایەتی ئەردۆغان کاربۆئەوەدەکەن کەپارتێکی ئیسلامی سیاسی لەهاوشێوە وفۆرمی یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستان بۆکوردانی باکوورلەتورکیا درووستبکرێت،بۆجەخت کردنەوەلەم هەواڵە لەچاوپێکەووتنێکی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا لەگەڵ سەلاحەدین بەهادین ی کەسی یەکەمی ناویەکگرتووی ئیسلامی کەئایا ئەوبانگێشتی تورکیاکرابێت بۆئەجندەیەکی سیاسی لەوجۆرە یان نا. وەڵامی ئەو ئەوەیە کەئەو بۆ پلاتفۆرمێکی سیاسی لەوجۆرە بانگێشت نەکراووە بێ ئاگایە بەڵام خۆشحاڵە بەئەلتەرناتیفێکی سیاسی لەوجۆرە،ئێمەلێرەدا هەڵوێستەلەسەرقسەکانی مامۆستا شۆک و تەنگەتاومان ناکات، و ئەزموونی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی وتاکتیک وستراتیژی ئەورێکخراوە بۆدۆسیەوپرسی نەتەوەیی وزۆرپرسی تر لەکوردستان یەکلابۆتەوە ..

بەڵام دەستبردن بۆئەلەرناتیفێکی سیاسی لەوجۆرەبۆکوردانی تورکیا زۆرپێویستی بەدیقەتکردن وهەڵوێستەکردنە ،هەرلێرەشەوەبۆشەن و کەوکردن وپشت ڕاستکردنەوەی ئەوترسەلەئەلتەرناتیفێکی وامەترسیدار،پێوویستمان بەچاوخشاندنەوەیەکە لەمێژوو وئەزموونی چەندساڵەی یەکگرتووی ئیسلامی لەهەرێمی کوردستان تابتوانین وبزانین سیاسەتکردن بەبەرگێکی ئیسلامییەوە کەوەک خەلآت لەلایەن دەسەلآتدارانی تورکەوە بۆخەڵکی کورد لەکوردستانی باکوور کاری بۆدەکرێت.چ ئایندەیەکی دەبێت بۆپەیامی نەتەوەیی،چ گاریگەری دەکاتە سەرپەیوندیەکانی کوردو سیاسەتی نێونەتەوەیی .

هاووڵآتیانی تورکیا ئەوانەی هەڵگری شوناسی ناسونالیزمی تورکن مافی خۆیانە لەناو ڕەووتەهەمەجۆرەکانی ئیسلامی سیاسی خۆیان ڕێکبخەن و ئیسلامی سیاسیش بکەنەسەرمەشقی سیاسەتەکانی خۆیان.یەکەم بەوهۆکارەی زیاترلەحەوت سەدەبەهۆی خەلافەتی ئیسلام لەسەردەستی پیاوەنەخۆشەکەی ئیمپراتۆری عوسمانی دەسەلآتی تۆرانییەکان خۆیان گەیاندە بەلقان وئەورووپای ڕۆژهەلآت،،دووەم بەوهۆکارەی ناسونالیزمی تورکی مێژوویەکی درێژەقۆناغەکانی دەورانی دەووڵەتی ناسونالیزمی تێپەڕاندووەو هیچ ستەمێکی نەتەوایەتی لەسەرنیە و هیچ کوام لەهەژموونە ئایدۆلۆژییەکانی جیهان لەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ئیسلامی پەرگیر کارناکاتەسەر پەیام وستراتیژی ناسونالیزمی نەتەوەیی تورک وئایدیای کەمالیزم،باشترین نمونەی کاراوهەنووکەیی ئەوەیە کەهەر ئەمڕۆدەسەلآتی تورکیالەسەردەستی ئیسلامی سیاسی کەپارتی دادوگەشەپێدان نوێنەرایەتیەکەی دەکات بەوپەڕی دەمارگیریەوە نکووڵی لەبوون وزمان وکلتووری نەتەوەیەکی 20 ملێۆنی دەکات،،بەئاشکرالەسەر زاری

سەرکردەکانی ئەوحیزبە ئەردۆخان وعەبدوولاگوڵ هەوڵەدیبلۆماسیەکان بۆئەوەبەگەڕدەخرێت کەلەشکرکێشی بۆهەرێمی کوردستان بکرێت ... کوردانی باکوور لەئەگەری ئەلتەرناتیفێکی سیاسی وادا هەستی ئازادیخوازی و نەتەوەیی و خۆی وون دەکات وهەموو خەباتەکەشی دەبێتەقوربانی ئیسلامی سیاسی وخاڵی لەپرسە دیموکراتیک ونەتەواییەتیەکانی خەڵکی کوردستان..

لەبەرامبەرپەیوندیەنێودەوڵتیەکانیشداکوردوبزووتنەوەسیاسییەکەی لەباکور لەهێزێکی ئازادیخوازەوە کەتاهەنووکەش لەبەرامبەرشەڕی هەزارویەک گێچەڵ دایە، بەهەڵگرتنی ئەوئەلتەرناتیفەنوێیەی باسی لێدەکرێت دەبێتەهێزێکی بێزراو و ئێسک قوورس کەناوەڕۆکێکی وەها بەرهەم دێنێ کەلەهەرکات وشوێنێکدا بێت، چ،ناسونالیزمی تورک و چ،سیاسەتی نێوودەوڵەتی بەسانایی وبەخێرایی خەباتی خەڵکی کوردستان بکاتە هێزێکی تیرۆریستی بارگاوی بەئیسلامی سیاسی،. کەباشترین نموونەش ناشیرین کردنی خەباتی ئازادیخوازیەلەهەرێمی چیجان لەناوچەی قەوقازی ئاسیای ناوەڕاست کەتا ئەوئاستەی لەئاستی میدیای جیهانیدا گەمارۆوبایکۆتی ڕاگەیاندن کراوە لەبەرامبەرئەوچەوساندەوەوتۆقاندنەی بەهۆی سوپای زەبەلاحی ڕوسیاوە دەی چێژن.،کەواتە دەستبردن بۆدرووستکردنی پارتێکی ئیسلامی سیاسی وەک ئەلتەرناتیفێک بۆجێگرتنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ، ک ، ک ). بێجگەلەناشیرینکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەباکور و لێسەندنەوەی گووتاروهەستی نەتەوەیی لەخەڵکی کوردستانی باکور،،کردنی خەڵکی کوردەلەباکوربە جاش وخۆفرۆش وەک نموونەی چەکدارەکوردەکانی سوپای حەمیدییەی سەردەمی عوسمانی سەرەتای سەدەی ڕابردو..بۆیەکردنەبەری بەرگێکی ئەوها بە بەری بزووتنەوەی سیاسی لەکوردستانی باکور لەمەنگەندان و بلۆککردنی پرسی نەتەوەییە تالەگۆڕنانی ئەبەدی دیموکراسی ڕاستەقینە،کەئەم ئەجندەسیاسییەش لەپیلانی شوم و پرۆتۆکۆڵەژێربەژێرەکانی وولآتان و نەگبەتییەکانی ئەنفال و کیمیاباران کەمترنابێت سەیربکرێت، بۆیەدەبێت بەهەموولا یەک دەنگ ویەک هەڵوێست لەدژی هەر ئەلتەرناتیفێکی ئەوها نەزۆک بۆپرسی کوردی و کەم جیکەلآنە بۆدیموکراسی ڕاستەقینە بوەستینەوە .